
*هەواڵی ڕۆژنامەوانی*

*دەرچوو: تشرینی دووەم/ 2015*

## ژمارەی پێوانەیی بۆ مانگی تشرینی یەكەمی 2015 لە هەرێمی كوردستان بەرێژەیەكی كەم نزم بووەتەوە

ژمارەی پێوانەیی لە مانگی تشرینی یەكەمی 2015 گەیشتە 149.5٪ بەمەش نزم بوونەوەی بەخۆوە تۆمار كردووە كە رێژەكەی دەگاتە 0.1 ٪ بەرامبەر بە مانگی ئەیلولی ساڵی 2015 و هەروەها نزم بوونەوەی تۆمار كردووە بەرامبەر بە مانگی تشرینی یەكەمی ساڵی ڕابردوو ( 2014 ) كە ڕێژەكەی دەگاتە 0.3٪ .

ڕوونكردنەوەیەك بۆ هەڵاوسانی مانگانەو ساڵانە بۆ مانگی تشرینی یەكەم ساڵی 2015




## ژمارە پێوانەیی بۆ پارێزگاكانی هەرێم

جیاوازی بەدی دەكرێت لە تۆماری ژمارەی پێوانەیی لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان. پارێزگای هەولێر ژماری 161.9٪ تۆمار كردووە كە بەرامبەر بە مانگی ئەیلولی ڕابردوو هیچ گۆڕانكاریەك بە دی ناكرێت لەم پارێزگایەدا، بەڵام ژمارەی پێوانەیی لە پارێزگای سلێمانی ( 141.5٪ ) و دهۆك ( 143.7٪ ) نزمبوونەوە بە دی دەكرێت بەرامبەر بە مانگی ڕابردوو كە ڕێژەكەی دەگاتە 0.1٪ لە سلێمانی و 0.4٪ لە پارێزگای دهۆك.

*بۆ زانیاری زیاتر تكایە پەیوەندی بكە بە:*
*تەلەفۆن: 00964(0)662559170*
*ئیمێل: contact@krso.gov.krd*
*ماڵپەر: www.krso.gov.krd*

*زنجیرە 30*